# هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی بەرپرسیارێتی لە زنجیرەی دابینکردنەکاندا

## یاساکانی هەڵسوکەوتی پیشەیی دابینکاران

LafargeHolcim



# ناوەڕۆک


01 پێشەکییەک دەربارەی بەردەوامبوونی پرۆسەی کڕین لە "لافارج هۆڵسیم"دا

02 پابەندبوونمان بە دابینکارانەوە
هەڵسوکەوتی پیشەیی
بەڕێوەبردنی هاوپۆل و
بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی دابینکاران

03 پێشبینییەکانمان بۆ دابینکاران
تەندروستی و سەلامەتی
ئاسایش (سێکیوریتی)
بارودۆخی کار
ئازادی کاری سەندیکایی و تۆڵەنەکردنەوە
کاری زۆرەملێ
کارکردن بە منداڵان
جیاکاری نەکردن
پابەندبوون بە ڕێنمایە ژینگەییەکانەوە
چاودێری کاریگەرییە ژینگەییەکان
بەرتیل و گەندەڵی
یاساکانی کێبڕکێ

04 مەرجەکانی بەشداربوون




# 1. پێشەکییەک دەربارەی بەردەوامبوونی پرۆسەی کڕین لە "لافارج هۆڵسیم"دا

LafargeHolcim پابەندە بە بەها وگرنگیپێدانی زیاتر بە هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکانییەوە. بنەمای گەشەسەندنی بەردەوام – دروستکردنی بەها وئەدای ژینگەیی بەردەوام و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان – هەموویان بەشێکی دانەبڕاون لە ستراتیژیای کارەکانمان.

ڕێبازمان بریتییە لە گەشەپێدانی بەردەوامبوو لەگەڵ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوبەشاکانماندا.[1]

بەردەوامبوونی پرۆسەی کڕین لە "لافارج هۆڵسیم"دا پشت دەبەستێت بەو پێوەرانەی کە لە ڕێکەوتنامەی جیهانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە.

ئێمە گەشەپێدانی بەردەوام دەبەستینەوە بە ستراتیژی کڕینمانەوە، لەگەڵ چالاکییەکانی ڕۆژانەمان و پەیوەندییەکانمان بە دابینکارەکانمانەوە. هەموو کۆمپانیاکانی LafargeHolcim دەبێت پابەند بن بە سنووردارکردن و نەهێشتنی مەترسییەکانی تەندروستی و سەلامەتی و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی کاتێک زنجیرە دابینکارییەکانی تایبەت بە خۆیان جێبەجێ دەکەن.

1 - چەمکی دابینکارەکان ئاماژەیە بۆ دابینکردنی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان. لەوانەیە خاڵی ووردتر هەبێت کەهەمان بابەتەکان بگرێتەوە بۆ بەڵێندەران یان دەکرێت باسی لێ کرابێت لە گرێبەستەکاندا لەگەڵ دابینکارانی کەلوپەلەکان. هیچ کام لەم یاسایانە لەجیاتی هیچ بەندێکی دیاریکراو نییە.

# 2. پابەندبوونمان بە دابینکارانەوە

LafargeHolcim هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی درێژخایەن دەدات لەگەڵ ئەو دابینکارانەی پابەندن بە گەشەپێدانی بەردەوامەوە. ئامانجمان بەشداریکردنە لەگەڵ دابینکاران بۆ پێشکەشکردنی بەها لە بەرامبەر تێچوونی کەرەستە کڕدراوەکانی گروپ و کڕیارەکانمان لەگەڵ بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی زنجیرەی دابینکراوەکانمان.

## هەڵسوکەوتی پیشەیی

لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرک و لێپرسراوێتی کڕیندا، چاوەڕوان دەکرێت فەرمانبەرانی LafargeHolcim بە پێوەر و یاسا و ڕەوشت و بەها باڵاکانی کۆمپانیاوە پەیوەست بن. ڕێنماییە ناوخۆییەکانمان یاساکانی هەڵسوکەوتکردن لە چالاکییەکانی کڕیندا دیاری دەکەن بۆ (بواری خۆش دواندن (موجامەلات) و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان و گەندەڵی و یاسای کێبڕکێ و زانیارییە نهێنییەکان). کارمەندانی LafargeHolcim بە بەردەوامی هاندەدرێن بۆ ئەوەی ئاکاری هەڵسوکەوتیان بەهەند وەربگرن.

## بەڕێوەبردنی هاوپۆل وبەڕیوەبردنی پەیوەندییەکانی دابینکاران

LafargeHolcim چەند بنەمایەکی دەمەزراندووە بۆ بەڕێوەبردنی هاوپۆل و ئاراستەکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دابینکاراندا . ئەو بنەما ئاراستەکراوانە پرۆسەیەکی گفتوگۆی دادپەروەرانە و ڕکابەرانە و ڕوونن بەپێی ڕێباز و بەهاکانمان دا ڕێژراون.





# 3. پێشبینییەکانمان بۆ دابینکاران

LafargeHolcim پابەندە بە جێبەجێکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و سەلامەتییەکانەوە. پێشبینی دەکەین دابینکارەکانمان بە هەمان شێواز ڕەفتار بکەن. پێویستە دابینکاران پابەند بن بە یاسا و ڕێسا ناوخۆیی و نیشتمانییەکانەوە. جگە لەوەش، دەمانەوێت دابینکارانمان پابەندبن بەم پێوەرانەی[2] لای خوارەوە:

## تەندروستی و سەلامەتی و ئاسایش (سێکیوریتی)

### تەندروستی و سەلامەتی

پێویستە دابینکاران شوێنی کاری سەلامەت و تەندروست بۆ کارمەندان و بەڵێندەرەکانیان دابین بکەن. هەروەها پێویستە دابینکاران ملکەچی یاسا و ڕێسا ناوخۆیی و نیشتمانییەکانی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی بن، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت ڕێپێدان و مۆڵەتی پێویستیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی و نیشتمانییەوە پێ درا بێت.
پێویستە دابینکاران خاوەنی ڕێوشوێنی تەندروستی و سەلامەتی باوەڕپێکراو بن لەگەڵ بوونی کەرەستە و ئامرازی سەلامەتی گونجاو. پێویستە لەسەر دابینکارە ناسراوەکان هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ حاڵەتە زۆر مەترسیدارەکانی بواری تەندروستی و سەلامەتی، ڕێوشوێنی پێویست بۆ باشترکردنی بەردەوامی سیستمی بەریوەبردنی تەندروستی و سەلامەتی کارپێکراو بگرنە بەر. هەروەها پێویستە دابینکاران بە تەواوەتی پابەندی ئەو ڕێوشوێن و ڕێنماییانە بن کە LafargeHolcim پەیرەوی دەکات کاتێک لە شوێنکارەکانی LafargeHolcim دەبن.

### ئاسایش (سێکیوریتی)

پێویستە لایەنەکانی پاراستنی ئاسایش دڵنیا ببنەوە لەوەی کە گشت ڕێوشوێنە ئەمنییە پێویستەکان گیراونەتە بەر بۆ پاڕێزگاریکردن لەو کارمەند و بەڵێندەرانەی لە شوێنکارەکانیاندا کار دەکەن، جگە لەوەش دەبێت کەلوپەلەکانیشیان بپارێزن بەتایبەتی لە ناوچە ناکۆکەکاندا. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت دابینکاران ڕێوشوێنی تایبەتیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان کە جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی توانای هەبێت لەکاتی گونجاودا بەهانای ڕووداوە کتوپڕەکانەوە بچێت.

## بارودۆخی کار

پێویستە دابینکاران پابەند بن بە بارودۆخی کاری یەکسان و شیاوەوە. پێویستە لانی کەم ڕێژەیەک لە داهاتی ناوخۆیی کارگەکە یان کەمترین کرێ بەپێی یاسای نیشتمانی بدرێتە کرێکار، هەرکامێکیان زیاتر بێت دەبێت ئەوەی پێ بدرێت، هەروەها کرێکار بیمەی کۆمەڵایەتی بیگرێتەوە و بەپێی پێوەرە نیشتمانییەکان سوودمەند بێت. و پێویستە کەمترین ئاستی کرێ بە پێوەر وەربگیرێت لەو وڵاتانەی کاری تیادا دەکەن و مەرجی یەکسان و شیاو دابنرێت بۆ کرێکار بەهۆیەوە دابینکاران ئاستی گشتی کرێ لە وڵاتەکە و تێچوونی ژیان و یارمەتییەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕێژەیی بژێویی بە هەند وەربگرن.

## ئازادی کاری سەندیکایی و تۆڵەنەکردنەوە

پێویستە دابینکاران دەست وەرنەدەنە ئازادی کرێکاران ئەگەر بیانەوێت ڕێکخراو دابمەزرێنن و پێویستە نوێنەری کارمەندان دووچاری هەڕەشە یان کۆتایی هێنان بە گرێبەستەکانیان نەبنەوە وەک تۆڵەسەندنەوە لێیان لە بەرامبەر کارکردن بۆ مافی کارمەند و بەرزکردنەوەی سکاڵا و بەشداریکردن لە چالاکی سەندیکایی یان ڕاپۆرتکردنی سەرپێچییە یاساییە گوماناوییەکان.

2 - پێوەرەکان پشت دەبەستێت بە بنەماکانی ڕێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان

### كاری زۆرەملێ

پێویستە دابینكاران بە هەرەشە كەس ناچار نەكەن بۆ كاركردن، یان كاری پاش دەوام و بازرگانیكردن بە مرۆڤ و بەندایەتی كردن لەبری قەرز و زیندانی كردن و بە كۆیلە كردنی كەسانی تر. نابێت دابینكاران دەست بەسەر پێناس و بەڵگەنامەی كرێكارانی بیانیدا بگرن.

### كاركردنی منداڵان

پێویستە دابینكاران بەهیچ جۆرێک ئەو منداڵانە بەكارنەهێنن بۆ كاركردن كە هێشتا لە قۆناغی خوێندنی زۆرەملێدان. نابێت منداڵانی ژێر تەمەن 18 ساڵ یان كەمتر لە تەمەنی یاسایی بەكاربهێنرێن بۆ كاركردن.

### جیاوازی نەكردن

پێویستە بریارە پەیوەندیدارەكانی تایبەت بە دامەزراندن بەپێی پێوەرە بابەتییەكان بن. پێویستە دابینكاران جیاكاری نەكەن لەكاتی رایی كردنی كارەكاندا و بەپێی جیاكاری بڕیار نەدەن، وەک: تەمەن، كەمئەندامی، رەگەز، جێندەر، ئاراستەی سیاسی و ئاراستەی دیكەی ئەتنیكی یان رەسەنایەتی كۆمەڵایەتی یان ئاینی. بریارەكان هەموو بابەتە پەیوەندیدارەكان بە ئیشكردن دەگرێتەوە، نەک تەنها ئەمانە: داوای كاركردن، بەرزكردنەوە، كۆتایی هێنان بە راژە، گواستنەوەی كرێكاران، راهێنان و گەشەپێدانی شارەزاییەكان، تەندروستی و سەلامەتی وهەر رێوشوێنێكی پەیوەندیدار بە بارودۆخی كار وەک كاتەكانی كاركردن و موچە.

### پابەندبوون بە چاودێری ژینگەیی

پێویستە دابینكاران رێز لە رێسا و پێویستییە چاودێرییەكانی ژینگە لەسەر هەموو ئاستەكان بگرن (ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی).
وپێویستە بە پێی رێپێدان و مۆڵەتدانی ژینگەیی پێویست كارەكانیان رایی بكەن وپشتگیری لە رێبازەكانی پاراستن بكەن بۆ روبەروبوونەوەی ئاستەنگە ژینگەییەكان.

### چارەسەكردنی كاریگەرییە ژینگەییەكان

پێویستە دابینكاران كاریگەرییە ژینگەییەكانیان بە شێوەیەكی رێكوپێك چارەسەر بكەن، چارەسەرەكانیان تەنها لەم بوارانەدا نەبێت: ووزە، ئاو، پاشماوە، كەرەستە كیمیاییەكان، پیسبوونی هەوا، جیاوازی بایۆلۆجی . هەروەها ئامانجیان بۆ كەمكردنەوە یان بنبركردنی كاریگەرییە مادیەكان بێت لەسەر ژینگە. پێویستە دابینكارە ناسراوەكان رێوشوێنی پێویستیان گرتبێتە بەر بۆ كەمكردنەوەی كاریگەرییە نەرێنییەكان لەسەر ژینگە و هەوڵەكانیان لەو پێناوەدا ئامانجی خۆی پێكابێت بەتایبەت لە بواری هەبوونی سیستمێكی چاكسازی ژینگەیی ناسراو و كار پێكراو.

### بەرتیل و گەندەڵی

پێویستە دابینكاران ملكەچی گشت یاسا و رێسا كاریگەرەكانی قەڵاچۆڵكردنی گەندەڵی بن و رێوشوێنی توند بگرنە بەر لەو پێناوەدا بۆ رێگرتن لە بەرتیل و گەندەڵی و پارەدزین. بەتایبەتی پێویستە دابینكاران بەرتیل نەدەن یان هەر جۆرە قایلكردنێک پێشكەش نەكەن بە كەسانی تر (لەوانەی كە عمولە وەردەگرن، پارە بۆ ئاسانكاری دەدەن، زیادەرۆیی لە دیاری و میوانداری، بەخشین وپێشكەشكردندا دەكەن) بۆ رایی كردنی مامەڵە بازرگانییەكانیان لەگەڵ كریار و كارمەندە گشتییەكاندا. دەبێت دابینكاران گشت مامەڵە بازرگانییەكانیان بەوپەری روونی ئەنجام بدەن وپێویستە ئەم مامەڵانە بە وردی لە سەر دۆسییەی بازرگانی تۆمار بكرێن. نابێت دابینكاران لایەنی سێیەم بەكار بهێنن بۆ ئەنجامدانی ئەو كارانەی كە رێگەیان پێ نادرێت خودی خۆیان ئەنجامی بدەن، وەک پێدانی بەرتیل.

### یاساكانی كێبركێ

پێویستە دابینكاران ملكەچ و پابەندی گشت یاسا كارپێكراوەكانی كێبركێ بن لە كاتی ئەنجامدانی گرێبەستەكانیان لەگەڵ LafargeHolcim، وپێویستە بۆ ئەم مەبەستە رێوشوێنی توندیان هەبێت لە بەرامبەر هەر جۆرە پێشێلكارییەكی ئەم یاسایانە. نابێت دابینكاران بە تایبەتی هەوڵ بدەن مەرج لەسەر گرێبەستەكان لەگەڵ LafargeHolcim دابنێن كە ببێتە هۆی پێشێلكاری یاساكانی كێبركێ. هەروەها دەبێت دابینكاران گشت رێوشوێنە پێویستەكان بگرنە بەر بۆ رێگرتن لە دزەكردنی هەر زانیارییەكی بازرگانی هەستیار لە بارەی بوونی پەیوەندییان بە دابینكردنی كەرەستەكانی LafargeHolcim بۆ لایەنەكانی تر و بە پێچەوانەشەوە.



# 4. مەرجەكانی بەشداربوون

یاساكانی هەڵسوكەوتكردن بەسەر گشت دابینكارانی LafargeHolcim دا دەكرێن و دابینكارانی دیكە و ئەوانەشی كە لەوەیە ببنە دابینكار جێبەجێ دەكرێن و لە هەڵسوكەوتەكان ئاگادار دەكرێنەوە. وەک بەشێک لە پرۆسەی شیاندن، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ دابینكارە نوێیەكان بكرێت بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بەو پێوەرانەی كە لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە. دابینكارانی ئێستا بایەخی زیاتریان پێدەدرێت بۆ هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای مەترسییە پێشبینیكراوەكان كە پەیوەندییان بە شمەک و خزمەتگوزارییە پێشكەشكراوەكان و پەیوەندییەكانیان لەگەڵ LafargeHolcim دا هەیە.

LafargeHolcim هەڵسەنگاندنێكی رێک وپێک بۆ مەترسییەكان لە شێوەی هەڵسەنگاندنی خۆیی بۆ دابینكارە خوازراوەكان ئەنجام دەدات لەسەر بنەمای گەران بە دوای راستییەكان یان وردبینیكردن، بە گوێرەی ئەو ئەركانەی كە كەرەستە كرداوەكانی ناوخۆ دیاری دەكەن. LafargeHolcim رێنوێنی دابینكاران دەكات چۆن بەدەم پێشبینییەكانمانەوە بچن و چۆن دابینكاران هەڵدەسەنگێنرێن.
هەر كات دابینكارەكان پێویستییەكانمان جێبەجێ نەكەن، ئەوا پێویستە دەست بە جێبەجێكردنی پلانی چاكسازی بكرێت لە ماوەیەكی دیاریكراودا (بەپێی جۆری كێشەكە) و LafargeHolcim چاودێری گۆرانكارییەكان دەكات. LafargeHolcim پشتگیری دابینكاران دەكات تا گەشە بكەن و تواناكانیان باشتر بكەن. هەروەها LafargeHolcim كۆتایی بە پەیوەندییەكانی دێنێت لەگەڵ ئەو دابینكارانەی كە بێ هیچ پاساوێک یاساكان چەند جارێک پێشێل دەكەن و پلانی چاكسازی رەت دەكەنەوە. لە پێشكەشكردنی تەندەریشدا LafargeHolcim بە مافی خۆی دەزانێت ئەو دابینكارانە دووربخاتەوە كە پابەند نابن بە یاسا و رێسا ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییەكانەوە.



FSC
www.fsc.org
RECYCLED
Paper made from recycled material
FSC® C107139

**LafargeHolcim Ltd**
Züricherstrasse 156
8645 Jona
Switzerland
www.lafargeholcim.com

© 2016 LafargeHolcim Ltd
Version as of January 27, 2016

LafargeHolcim